Research Center

# مەترسییەکانی بەردەم یەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابوری جیهانیەوە

25-07-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : دووەم، بەهەدەرچونی داهات لە بۆری نەوتی کەرکوك- جەیهانی تورکی بەهۆی داخستنی کاتی و شەڕی داعش و بارودۆخی سیاسی لەدوای (16ی ئۆکتۆبەری 2017) ەوە.

**بەهرۆز جەعفەر*|**

**بەرایی**

لەماوەی ساڵانی (2013 بۆ 2020) ئابوری نەوتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی سێ سەکتە بووەتەوە:

یەکەم، دابەزینی نرخی نەوت.

دووەم، بەهەدەرچونی داهات لە بۆری نەوتی کەرکوك- جەیهانی تورکی بەهۆی داخستنی کاتی و شەڕی داعش و بارودۆخی سیاسی لەدوای (16ی ئۆکتۆبەری 2017) ەوە.

سێهەمیان، گرفتی مەترسیدار ڕووبەڕووی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەك و کۆمپانیاکانی کارکردن لەلایەکی تر بۆتەوە.

بۆ زانینی زانستیانەی ئەوەی دۆخی ووزەی هەرێمی کوردستان لەکوێی بازاڕی ئابوریی جیهانەوە ڕێ ئەکات، پێویستە دڵنیابین لە یەدەگی ڕاستەقینەی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمەش ئەبێت لەڕێگەی کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمەوە لە توانا هایدۆرکاربۆنیەکان ئاگاداربین. هەروەها گرنگە سۆراخی ئەوە بکەین کە نەوت لە کوێوە هەرێمی کوردستانی تووشی کورتهێنانی گەورە کردووە لە بودجەدا (huge budget deficits).

**یەکەم: یەدەگ و سەرچاوەی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان**

پێش هەموو شتێك تێکەڵ و پێکەڵیەك هەموو جارێك دروست ئەبێت لە زانینی ڕاستەقینەی ئەو یەدەگەی باس ئەکرێت، هۆکارەکەی لێك جیا نە کردنەوەی (سەرچاوە- Resource) یە لە (یەدەگ ـ Reserve)، مەبەست لە "سەرچاوە" کانی نەوت و غاز یان خەڵوز بریتی‌یە لە هەموو ئەو مادده سەرەتایی و کانزایانەی کە دۆزراونەتەوەو نەدۆزراونەتەوە (سەرچاوەی سەرەتایی زانراو و نەزانراوە لە ژێر زەوی) کە ئەشێت لە ڕووی ئابورییەوە بەکاربخرێت یان نا، بە پێچەوانەوە "یەدەگ" سەرچاوەی زانراوی ووزەیە لە هەر کێڵگەیەکدا دوای ئەوەی بە فلتەری ڕێککارە ئەندازەیی و جیۆلۆجیەکاندا تێپەڕیوە. جا بۆ ئەوەی "سەرچاوە" ببێتە "یەدەگ" چوار فاکتەری سەرەکی هەمیشە ئەو ڕۆڵە دیاری ئەکات، ئەوانیش لایەنی تەکنیکی، جیۆلۆجی، ئەمنی، وە هەڵگەڕانەوەی نرخ (تقلب الاسعار- Price Volatility ) ە.

لایەنی تەکنیکی بۆ نمونە، عێراق ووڵاتێکە لە ڕووی نەوتەوە دەوڵەمەندە، بەڵام هەمیشە لەڕووی تەکنیکیەوە پشت بە کۆمپانیا ئێرانیەکان یاخود ئەمریکی و بیانییەکان ئەبەستێت، ئەوەش وایکردووە زۆرجار ملکەچیان بێت. لایەنی جیۆلۆجی بۆ نموونە هەندێکجار نەوتی خاوی قورس -Heavy Crude Oil چڕییەکەی بەپێی ستانداردی (API) نییە کە ئینستیتوتی پیترۆلیۆمی ئەمریکی بە (20) پلە دای ناوە (نابێت کەمتر بێت) بەڵام ڕەنگە ئەم کێڵگەیە تووشی داخوران یاخود ئاوی تێکەڵ بێت، یان ووشك بێت، بۆ نمونە: کێڵگەی کێوە چرمەلە -Kewa Chirmila وشك بووە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی رووماڵی ساڵانەی نەوت و غاز لە ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS لەو تەوەرەی پەیوەستە بەکێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە، دەرئەکەوێت کە لە ( بلۆکی تازە) ەدا کۆمپانیای Oil Search Ltd نەیانتوانیووە نەوت بەدەستبهێنن و بڕی (393.3) ملیۆن دۆلار زیانیش بەر کۆمپانیای ناوبراو کەوتووە، لە (کێڵگەی بەردە ڕەش) بەهەمان شێوە یەدەگەکە زۆر کەمبوویەوە. کێڵگەی نەوتی تەق تەق یەکێکی ترە لەو کێڵگانەی کە نزیك بۆتەوە لە هەرەسهێنان، لە (683) ملیۆن بەرمیلی ساڵی (2011) ەدا کە بەرهەمی هێناوە گەیشتۆتە (356) ملیۆن بەرمیل لەساڵی (2015) ەدا، هەروەها لەسەرەتای (2020) ەدا ڕۆژانە کەمتر لە (14000) چواردەهەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، لەکاتێکدا پێشوو تر (140000) سەت و چل هەزار بەرمیل بەرهەمی هەبووە لە ڕۆژێکدا.

فاکتەری ئەمنی، گەورەترین هەڕەشەی بەردەم کەرتی غازو نەوتی هەرێمی کوردستان لە (2020) دا لەدەستدانی چەند کێڵگەیەکە کە ئەکەونە ناو جوگرافیای ناوچە دابڕاوەکانەوە، ئەوەش حکومەتی عێراقی بە زەبری هێز لە چوارچێوەی باسوخواستی کۆنترۆڵکردنی مەرزە

سنورییەکانی هەرێم دا ئەنجامی بدات.

فاکتەری ئەمنی، ڕۆڵی گرنگ ئەگێڕێت لە دیاریکردنی یەدەگی نەوت و غازدا، بۆ نمونە "مینا" کانی جیهان هەمیشە جێگەی مشتومڕو ناکۆکییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکانن، کۆنترۆڵکردنیان هۆکاری جەنگەکان بووە، " مینای عەقەبە لە ئوردون وەك تاکە دەروازەی ئاوی"، مینای "سیفاستوبول لە دورگەی قرم" کە ڕووسیا هەیمەنەی هەیە بەسەریدا، "مینای حەیفا لە ئیسرائیل"، لە سوریا "تەرتوس"، لە قوبرس تازە دەست بە دۆزینەوەو دەرهێنانی غاز کراوە لە لیماسول و لارناکا، لە تورکیا "جەیهان".. لە هەرێمی کوردستان دوو کێڵگەی هەرە سەرەکی نەوت و غاز بەردەوام لە ژێر مەترسیدان کە کێڵگەکانی "کۆرو مۆر-Kor Mor" و "خورمەڵە- Khurmala" یە بەهۆی ئەوەی لەڕووی جوگرافییەوە ئەکەونە ناوچە تەماسیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزیی لەلایەك، ئێران و تورکیاش لەلایەکی تر، ئەمەش وا ئەکات لە ناکاو یەدەگێکی زۆر لەدەست دەربچێت، هەروەها لایەنێکی تری مەترسی ئەمنی بریتی یە لە ترانزێتی بۆرییەکان کە بەخاکی تورکیادا تێپەڕ ئەبێت (ئەمە ئەچێتە خانەی جیۆپۆڵەتیکی ووزەوە کە ئاکامەکەی لەدوو ئەگەر تێپەڕ ناکا: یان هاریکاری هەرێمایەتی یاخود ناکۆکی)، جاری وا هەیە لەناوخۆدا هەندێ جار هێڵەکانی بۆریی تووشی مەترسی جۆراوجۆر ئەبنەوە...

کۆتا فاکتەر (تقلب الأسعار) کە مەترسی و نادڵنیاییە لەوەی (نرخ) ی کارکردنی کۆمپانیاکانی کار لە بواری ئاماژە پێدراودا وا دەرنەچێت،بۆ نموونە کۆمپانیایەك لە قۆناغی یەکەمدا لە چوارچێوەیەکی بەرفراوان دا دەست ئەکات بە: گەڕان و پشکنین و پاشان کە ئەگاتە (دەرهێنان) نرخی نەوت دائەبەزێت، ئیتر کێڵگەکە بەجێ ئەهێڵێت یان هەر ڕێککارێکی تر بە پێی جۆری گرێبەستەکان، کە لێرەدا گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم بەگشتی گرێبەستە لەسەر شێوازی (بەشداری وەبەرهێنان ـ Producing Sharing Contract) کە تێیدا بەرپرسیارێتی یاسایی و دارایی و ژینگەیی ئەکەوێتە سەر حکومەتی خانە خوێ (هەرێمی کوردستان).

**دووەم: یەدەگی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان**

لە بەر ڕۆشنایی پێدراوەکانی سەرەوەدا، دەرئەکەوێت گومان و مەترسی لەسەر یەدەگی ڕاستەقینەی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان هەیە.

سەرەڕای ئەوەش سێ سەرچاوەی سەرەکی و فەرمی هەیە کە هەریەکەیان داتایەکی جیاواز لەسەر یەدەگی هەرێمی کوردستان ئەدەن بەدەستەوە، ئەوانیش وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم و، ئاژانسی ووزەی جیهانی (IEA) ، وە دەستگای ڕووپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی (USGS) ە کە یەدەگی نەوت بە (41) ملیار بەرمیل و غازیش بە (54) تریلیۆن پێ سێجا مەزەندە ئەکات. سەرچاوەی دیکەش هەن هەندێکیان لەگەڵ عێراق دا باسی ئەکات، هەندێکیشیان بە "ناوچەو زنجیرەکانی زاگرۆس" ناوی کوردستان دێنێت، کە زیاتر لە (65%) ی زاگرۆس ئەکەوێتە دیوی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ە وە.

کاتێك ساڵی (2006) وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (MNR) دامەزرا، لەسەر بنەمای ئەوەی کۆی یەدەگی نەوت لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی هەرێم (45) ملیار بەرمیل نەوتە دەستی بەکارەکانی کرد، لە ساڵی (2011) ئەم یەدەگە زیادیکردو، وەزارەت بە (70) ملیار بەرمیل مەزەندەیان کردووە، لە کۆنفرانسی یەکەمی ووزەی عێراق لە شاری سلێمانی کە ئینستیوتی مێدیتریانە ڕێکی خستبوو لە (11ی ئۆکتۆبەری 2017) دکتۆر بێوار خەنەسی ڕاوێژکاری پێشوی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بۆ ووزە بە (60) ملیار بەرمیل یەدەگ نەوتی هەرێمی کوردستانی لێکدایەوە، کە ئەمە ئەکاتە (4.5%) قەبارەی یەدەگی جیهان، کە هەموو جیهان یەدەگەکەی (1138) ملیار بەرمیلە، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم (5ملیۆن و 755 هەزارو 43 کەسە) بەم پێوانەیە هەر هاونیشتیمانیەك خاوەنی (8800 بۆ 12000) هەزار بەرمیل نەوتە لە هەرێم.

هەروەها لە تێڕوانینی حکومەتی هەرێمدا کۆی یەدەگی غازی سروشتی بە (200) تریلیۆن پێ سێجا (لە نێوان 3.5 ـ 6 تریلیۆن مەتر سێجا) دایە، بەدیاریکراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە (5.7) تریلیۆن مەتر سێجا باسی ئەکات، ئەمە لەکاتێکدا کۆی یەدەگی غازی هەموو جیهان (186 تریلیۆن م3) یە، کەواتە هەرێمی کوردستان (3%) قەبارەی غازی جیهان پێك ئەهێنێت، کە لە (57) بلۆکدا هەرێم مامەڵەی جۆراوجۆری لەسەرئەکات، بەڵام ئەم بڕە ئەگەر لەسەر ئاستی گەورەترین کێڵگەکان وەربیگرین، کێڵگەی کۆرمۆر (70%) ی بۆ پێداویستی بەرهەمهێنانی کارەبا لەناوخۆدا بەکار ئەهێنرێت، تێبینی ئەوە بکەین کە وەزارەتی کارەبا و سامانە سروشتیەکان لە یەك بەروار و ساڵدا دامەزراون، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەکاربردنی کارەبا نا سروشتی زیادیکردووە، خاوەنی گەورەترین پێشانگە بۆ فرۆشتنی مۆلیدات و ووزەی کارەبایی "ئەردەوان موحسن ممووندی" بۆ تۆڕی میدیایی رووداو ئەڵێت: ساڵانە (500000) پێنج سەت هەزار مۆلیدە دێتە هەرێمی کوردستانەوە. ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا لە هەرێم "حەمە ئەمین هەورامی" دەریخستووە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە (11000000) یانزە ملیۆن لیتر سوتەمەنی پێویستە بۆ وێستگەکانی کارەبا کە ئەمە تێچووەکەی زۆرە، ئەشڵێت هەوڵدراوە کە

غازی سروشتی بەکار ببەین و بتوانرێت ڕۆژانە (2600) مێگاوات کارەبا بە (420) ملیۆن پێ سێجا غاز بەرهەم بهێنین، ئەمەش بۆ هەرێمێك بە پێی ژمارەی دانیشتوان کەم بێت و، ژمارەی کارخانە گەورەکانی پیشەسازیشی سفر بێت. بێگومان پێویستی بە پێداچونەوەیە.

**سێهەم: مەترسی سکاڵاکان لەسەر کەرتی ووزەی هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان، سێ سکاڵای گەورەی لەسەرە، یەکەمیان سکاڵای دادگای فیدراڵی عێراقە پەیوەستە بەوەی هەرێم چۆن سەربەخۆیانە نەوتەکەی ئەفرۆشێت. دووەمیان سکاڵای کۆمپانیای دایناسیتی پیترۆلیۆمە لەسەر خودی "ئاشتی هەورامی" وەزیری پێشوی سامانە سروشتیەکانی هەرێم، کۆمپانیاکە لە دادگای شاهانەی لەندەن سکاڵاکەی تۆمارکردوەو، داوای (1.5) ملیارونیوێك دۆلار لەحکومەتی هەرێم ئەکات (بە پێی ڕاپۆرتێکی ئۆیەڵ پرایس)، دەقی ووتەی سکاڵاکار لە دادگا (لە بەردەستی ئێمەیە-توێژەر) ئەوەیە کە کۆمپانیای ناوبراو دوو هاوبەشی کوردیی هەبووە، لەکاتی بەکارهێنانی دەستەڵاتی وەزیر (کۆنترۆڵ) داوای پارەی ناشەرعی لێکردون بە ڕێژەی (20% بۆ 30% ).

سکاڵای سێهەم، کە ڕاستەوخۆ هەڕەشەیە لە توانا هایدرۆکاربۆناتەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە لە دادگای پاریس کراوە، دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی بۆ کاروبارە بازرگانیەکان لە پاریس یاخود (ژووری بازرگانی پاریس) وەکو ڕێکخراوێکە جیهانی وایە بۆ نێوبژیوانی (التحکیم-Arbitration) لەو ناکۆکییە بزنسیانەی دروست ئەبن. لەم چەمبەرەدا کە هەریەکە لە عێراق و تورکیاش تیایدا ئەندامن، سکاڵاکە لەسەر ئەو بنەمایە کراوە کە تورکیا گرێبەست یان دیەڵێکی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە لەچوارچێوەی هێڵی بۆری کەرکوك- جەیهان بۆ فرۆشتنی نەوتی عێراق لەو ڕێگەیەوە (ئەم هێڵە ساڵی 1977 بونیادنراوە بە ئای تی پی ITP ناسراوە). بەڵام تورکیا ئەمەی پێشێلکردووە؟. بەوەی سەروەری عێراقی پێشێلکردووەو، بێ گوێدانە بەغداد مامەڵەیەکی تری هاوشێوەی لەناو هەمان وڵاتدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا دەستپێکردووەو، هێڵی بۆری کوردستان-تورکیا ی کردۆتەوە. بۆیە لەساڵی (2014) وەزارەتی نەوتی عێراق لە پاریس سکاڵا لەسەر حکومەتی تورکیا تۆمارئەکات.

ئەم هەلومەرجە لەکاتێکدا ڕوویدا، کە تورکیا لەدوای جەنگی کەنداوەوە (1990) ەوە پەیوەندییەکی لەگەڵ عێراقدا پچڕابوو، لەدوای ڕووخانی سەدام (2003) ەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق باش نەبوو، سەرەتا نوری مالیکی بوو بە سەرۆك وەزیران لەو (8) ساڵە هیچ ئۆفەرێکی بە تورکیا نەدا بەهۆی نزیکی ناوبراو لە ئێرانەوە. دواتریش حەیدەر عەبادی هەمان ئەزمونی مالیکی لەگەڵ تورکیا دووبارەکردەوە. بۆیە بەپێچەوانەی بەغداوە پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2007 بۆ 2017) بەهێزترین ئەڵقەی پەیوەندی بووە لەگەڵ تورکیا.

لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو، لاوازبونی سوپای عێراق لەبەرانبەر داعش، عێراق کۆنترۆڵی ئاسایش و سەربازیی لەدەستدا. هەرێمی کوردستان مرخی لەوە خۆشکرد کە نەوتی کەرکوك بە هێڵی بۆری کوردستاندا بفرۆشێت (واشی کرد). بۆیە لە ساڵی (2014) ەدا بێ گوێدانە حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێم نەوتی هەردوو کێڵگەی تەق تەق و تاوکێ ی ڕەوانەکردو دواتریش کێڵگەی شێخان. عێراقیش هەمان ساڵ سکاڵاکەی تۆمارکرد. دواتر کە لەدوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ەوە حکومەتی عێراق بە زەبری هێز کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك و موسڵی کردەوە، حکومەتی هەرێم (40%) ی ئاستی هەناردەکردنی نەوتەکەی کەمی کرد. پاشان هەرێم ناچاربوو بگەرێتەوە بۆ بەغدا بۆ دانوستان. جارێکی تر سکاڵاکە سەریهەڵداوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کەیسەکەی دادگای پاریس (ICA) لایەنی سەرەکی تیا عێراق و تورکیایە، بەڵام لێکەوتەکەی ڕاستەوخۆ لەسەر هەرێمی کوردستانە. وا چاوەڕوان ئەکرێت عێراق داواکە بباتەوە، بۆیە تورکیا لە (2020) ڕێگرە لەوەی هەرێم و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر پرسی نەوت. ئەگەر عێراق داواکە بباتەوە ئەو کاتە تورکیا ناچار بە مەرجەکانی عێراق ئەبێت، واتە هێڵی ووزەی کوردستان ـ جەیهانی تورکی نامێنێت. ئەوکات ئەبێت هەرێم بچێتەوە بەغداو بەغدادیش چۆنی بوێ ئاوا مامەڵە بە فرۆشتن و دەرهێنانی نەوتی کوردستانەوە ئەکات. خۆ ئەگەر تورکیاش داواکە بباتەوە ئەوا هەرێم زیانی گەورە ئەکات و دەیان هێندە دەستوەردانی تورکیا لە هەرێم زیاتر ئەکات.

**چوارەم: تیۆریزەکردنی ووزە لە هەرێمی کوردستان**

نەوت و غاز بابەتێکە، زیاتر ئەچێتە ناو چوارچێوەی زانستێکی نوێوە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێی ئەوترێ (پەیوەندییە ئابورییە

نێودەوڵەتیەکان- International Political Economy) ئەگەر پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بێت بۆ تاوتوێ کردنی جۆرو ڕێبازی پێوەندییەکان لەنێوان "فاعل-ئەکتەر" ە نێودەوڵەتیەکاندا، ئەوە پێوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتیەکان بریتیە لە پێوەندی نێوان حکومەتی دەوڵەتەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانی دا. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پێوەندی دروستکەرانی بڕیار لەهەرێمی کوردستان یاخود سێکتەری نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بازاڕی جیهانی دا چییە و چۆنە؟.

تا هەنوکە یەکێك لە بەهێزترین تیۆرییەکان لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا (ریالیستەکانن- الواقعیون-Realists)، ئەمانە لایانوایە سروشتی بەشەریەت بەدو خراپە، بەهێزترین ئەکتەرێك هەبێت کە لە سیستەمی نێودەوڵەتی دا ڕۆڵ بگێرێت "دەوڵەت" ە، پێوەندییە ئابوورییەکانیش لەنێوان دەوڵەت یان یەکەکاندا لەسەر بنەمای هاریکاری نییە بەڵکو بریتی یە لە "کێبرکێ کردن" لە پێناو بەدەستهێنانی هێزی زیاتردا، بۆیە ئەبێت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هێزی سیاسی و سامانی ئابوری دا هەبێت، یەکێك لە پێشەنگەکانی ئەم قوتابخانەیە "فریدریچ لیست "Friedrich List ە ساڵی (1841) لە ئەڵمانیا کتێبی (The National System of Political Economy) نووسی، باس لە سیستەمێکی نیشتیمانی ئەکات لە ئابوریی سیاسی دا، لەبارەی ئەوەی چۆن نەتەوە- نیشتیمانێك ئەتوانێت ئاستی سامان و هێزی خۆی بەرزبکاتەوە؟.، بانگەشەی ئابورییەکی کۆزمۆپۆلیتی ئەکات (کۆزمۆپۆلەتیك یانی ئایدۆلۆجیایەکە کە هەموو مرۆڤایەتی بە ڕابردوو، بە ئایندەکەیەوە، بە هەر نەتەوایەتی و ناسنامەیەکی جیاوازەوە ئینتیمایان بۆ یەك کۆمەڵگەو یەك بازنە هەبێت، بەمانایەکی تر هەموو ئەخلاقیاتێك لەیەك سەرچاوەوە بێت، بە کورتیەکەی سەرمایەداری بەهای هاوبەشە ئابوری ئەبێت لەناوخۆدا گرێ نەدرێ بە باجەوەو قازانجی ئابوری بۆ هەموو کۆمەڵگەی بەشەرییە). لەسەر ئەمە ئەڵمانیا زیندانی کردو ناچاریان کرد واز لە ناسنامەکەی بهێنێت.

لێرەدا، هەرێمی کوردستان، پێگەیەك نییە بۆ پیشەسازی و، هەموو کەرەستە سەرەتاییەکانی لەدەرەوە هاوردەئەکات، هەموو کرێیەکی وەبەرهێنان خۆی ئەیدات، نەیتوانیوە سێکتەری ووزە و پیشەسازی نەوت و غاز لە چوارچێوەی سیستەمێکی نیشتیمانی دا بەرجەستەبکات.

**ئەنجام**

یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان لە (45) ملیار بەرمیل نەوت تێپەڕ ناکات و، ئەو بڕەش لەبەردەم مەترسیدایە، ئەکرێت بوترێت "ئابوری" لەهەرێمی کوردستان نییە، چونکە سیستەمێکی دارایی نییە و، دەستگایەکی نیشتیمانی سێکتەری نەوت و غازی سروشتی ئاڕاستە ناکات. لەم بابەتەدا ئەوەی گرنگە هەناردەکردنی ئەو یەدەگەیە، ئەوەش بێ شك ئەمڕۆ یان سبەی لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیەوە ئەبێت (کە پێویستە کورد چاوی لەم وەرچەرخانە جیۆپۆلەتیکیە بێت لە بواری ووزەدا).

هەروەها دەرئەکەوێت هەتاوەکو پیشەسازیی ووزەی هەرێمی کوردستان پێشکەوێت قەیرانی دارایی و ئابوریی هەرێمەکە گەورەترو کەڵەگەتر ئەبێت!. ئەمەش داوامان لێ ئەکات کە سێکتەری نەوت و غازی سروشتی و کانزاکانی تر بە تەواوەتی لە هەر شەش قۆناغەکەدا پیاچونەوەی پێدا بکەین: گرێبەستەکان، گەڕان و پشکنین، دەرهێنان، پاڵاوتن، هەناردەکردن، بازاڕیکردن، لۆبی بۆ کردن لە دەرەوە.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم سەرنجتان ڕابکێشین بۆ ڕووماڵی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی www.mirs.co کە بە هەر سێ زمانی ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، تەوەقوعاتی ساڵانەی نەوت و غازی جیهان و کوردستان بڵاوئەکاتەوە، تیایدا نادڵنیایی، ئاڕاستەکان، ئاڵنگارییەکانی کەرتی ووزەی هەرێم ڕوون کراوەتەوە. بەم نزیکانە بڵاوئەبێتەوە.

- بەهرۆز جەعفەر/ سەرۆکی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی-MIRS، خوێندکاری دکتۆرا لەپەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان.